KOREK telecom



ليۆنێل گەندەڵ و مافیا دەرچوو..

# كارلس پويۆل: مێسی ئابرووی بردم

رووداوی وەرزشی ـ CNBC

كارلس پويۆل، بەرگريكار و كاپتنی پێشووی هەڵبژاردەی ئيسپانيا و يانەی بارسيلۆنای كەتالۆنی لە هەڤپەيڤينێكدا نهێنييەكی نێوان خۆی و ليۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتينی يانەی بارسيلۆنا ئاشكرادەكات و دان بەوەدا دەنێت كە لە مەشقێكی يانەكەياندا بەدەستی مێسييەوە شەرمەزار بووە.

پويۆل، لە هەڤپەيڤينێكدا لەگەڵ رۆژنامەی لاڤان گارديای ئيسپانی، بەسەرهاتێكی خۆی و مێسی و پيپ گوارديۆلای راهێنەری ئەوكاتی يانەكەيان دەگێڕێتەوە، كە چۆن بەهۆی مێسييەوە لەبەرچاوی هەموو ياريزانە هاوڕێكانی شەرمەزار بووەو لەو بارەوە دەڵێت «رۆژێكيان گوارديۆلا مەشقێكی پێكردين، كە بريتيبوو لەوەی هەر دوو ياريزان يارييەكی بچووك بەرامبەر يەكتر بكەن، من كەوتمە بەرامبەر مێسی، بەڵام چی روويدا؟ ئەوەی قەت بڕوام نەدەكرد رووبدات». پويۆل چيرۆكەكە بە تەواوی بۆ ئەو رۆژنامەيە دەگێڕێتەوەو دەڵێت «بەر لەوەی يارييەكە دەستپێبكەين، گوارديۆلا پێيگوتم پويۆل ئاگاداری مێسی بە، لێيمەدەو تووشی پێكانی مەكە. منيش پێمگوت ئەگەر ئەوەت دەوێ يارييەكە رابگرە، چونكە پێويستە مێسی راگرم، هەرگيز رێگە نادەم لە من تێپەڕێت. بەڵام چی رووويدا؟ بەڕاستی مێسی كارێكی پێكردم ئابرووی بردم و لەبەرچاوی هەموو هاوڕێكانم شەرمەزار بووم».

**لە لاپەڕە 3 دا، راپۆرتێك بخوێنەوە كە گومان دەخاتە سەر دەستپاكی مێسی و ئەگەری هەبوونی پەيوەندی لەگەڵ رێكخراوەكانی مافيادا.**

WWW.RUDAW.NET

رووداو وەرزشی

ژمارە (357) سێشەممە 2015/6/30

رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات



لەبەر بێكهام ناتوانێت لە ريال مەدريد بڕوات..

# تەڵاقی رامۆس و ريال حەرامە

"رۆيشتنی رامۆس بۆ MU واتە دووركەوتنەوە لە جامەكان و نزيكبوونەوە لە نازناوەكان" «3

LOTTO

چلەمين تيروپشكی لۆتۆی (رووداوی وەرزشی) رۆژی دووشەممە 6/7/2015 لە RUDAW.TV ئەنجام دەدرێت. 8



ريال مەدريد بەرامبەر ئەفسانەكانی بێوەفايە 4



## دۆنگا هەڵبژاردەی برازيلی بێ باڵ كردووە «8



## گرەنتییە

محەممەد عەلی لە ڕاگەیاندنی یانەی وەرزشیی دهۆک بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند کە یانەکەیان گرەنتی بە یاریزانەکانی داوە سەرجەم پارەی گرێبەستەکانیان پێبدات و گوتی "لە ڕێگەی پارێزگاری دهۆک سەرجەم پارەی گرێبەستی یاریزانانمان داوە، دوو قیستی گرێبەستەکانیان وەرگرتووە و تەنیا یەک قیستیان ماوە، بۆ ئەوەش گەرنتیان وەرگرتووە کە پارەکەیان بۆ دابین دەکرێت و لە دوای کۆتایی هاتنی خولی یانە بژاردەکانی عێراق پێیان دەدرێت". هەروەها گوتیشی "یاریزانانی یانەکەمان لەو پەڕی ئاسوودەیین، زۆر خۆشحاڵن بەو کەشەی بۆیان ڕەخساوە".



ئەرسەلان عەبدوڵڵا

# ئەکادیمیای سەفەری

لە ناوەڕاستی نەوەدەکانەوە تاوەکو ئێستا بەشێکی یانە گەورەکانی کوردستان پارەیەکی زۆر و خەیاڵی لە کڕین و بەخێوکردنی یاریزانی عێراقی خەرجدەکەن، تا وەرزی ڕابردووش بە ملیۆنان دۆلار بۆ کڕین و هێنانی ئەو یاریزانانە خەرجدەکرا.

حکومەتی کوردستانیش بە بێ پلان و تێگەیشتنێکی ورد لە چەمکەکانی پیشەگەری و هێنانی یاریزانان لە دەرەوە، دەرگەی قاسەکانی بۆ یانەکان ئاوەڵا کردبوو، بەبێ ئەوەی بپرسێتەوە، بەرهەمی ئەو یانانە لە پێگەیاندن و پێشخستنی لاوی کورد چی بووە، گەیشتوونەتە چ ئاستێکی پێشکەوتووی تۆپی پێ بە بەراورد لەگەڵ دنیاو تەنانەت لەگەڵ بەغداشدا.

یانەکانی ئێمە بە پاڵپشتیی یاریزانی عێراقی، چەند دەستکەوتێکی کاتییان بەدەستهێنا، کە لە کاتی خۆیدا گەورەبوون، بەڵام بۆ ئەمڕۆ و بۆ داهاتوو هیچ سوودێکی نەبوو، ئەوەتا کە پارە نەما، یانەکانیش وەکو میزەڵانی لاستیکی منداڵان فشبوونەوەو هەوای ئاست و توانای یاریزانی عەرەبیان تێدا نەما.

ئێستا کە ساڵی 2015یە، دوای 20 ساڵ، یانە وەرزشییەکانی کوردستان بیر لە کردنەوەی ئەکادیمیای وەرزشی دەکەنەوە، بەڵام چ جۆرە ئەکادیمیایەک؟

بۆ نموونە گەورەترین یانەی کوردستان، یانەی هەولێر، بڕیاریداوە ئەکادیمیا بۆ ماوەی 3 مانگ دەکاتەوە، بەڵێ تەنیا 3 مانگ، جارێ نەمانزانی ئەو ئەکادیمیایە بۆ یانەی هەولێر و پێگەیاندنی یاریزانە بۆ یانەکەو شارەکە، یان بزنسێکی تازەیەو کارێکی بازرگانیی بەرپرسە دەستڕۆیشتووەکانی یانەکەیەو بۆ خۆیانی دەکەن؟

لە کوێی دنیا هەیە ئەکادیمیا بۆ 3 مانگ بێت؟ ئەکادیمیا واتە کۆکردنەوەی بەهرەمەندان و پلاندانان و مەشق و پەروەردەکردنیان بۆ داهاتوویەکی باش و گرنگ، کە ڕەنگە بۆ 10 تاوەکو 15 ساڵ کاری بووێت، تاوەکو بتوانێت یاریزانێک دروست بکات کە سوودی لێوەربگیرێت.

ئەکادیمیا دەبێ باڵەخانەو شوێنی تایبەت بەخۆی هەبێ، یاریگەو سیستم، پرۆگرامی پەروەردەیی و تەنانەت نەتەوەییشی هەبێ، بەڵام ئەو ئەکادیمیایەی یانەی هەولێر بەنیازە لەگەڵ ڕاهێنەرانی ئیتاڵی، کە من گومانم هەیە ئەوانە ڕاهێنەری ئەکادیمی بن، پێدەچێت ئەکادیمیای سەفەری بێت!.

هەولێر یانەیەکی گەورەیەو ڕەنگە بتوانێت ئەکادیمیایەکی گەورە دروستبکات، بەڵام ئەمە لە سەردەمی قەیرانی داراییدا ناهێتە دروستکردن، بەتایبەتی ئەگەر وەک سیستمی ئەکادیمیاکانی دنیا بێت، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە، یانەی دەربەندیخانیش ئەکادیمیای پێگەیاندنی یاریزانانی دەکاتەوە.

دەربەندیخان هێشتا یاریگەیەکی باشی نییە، باشترین تیپی تۆپی پێی، لە خولی پلە یەکی کوردستانە، کەچی ئەکادیمیا دەکاتەوە.

نازانم بەرپرسانی وەرزشی و ئیدارەی وەرزشی لە کوردستان خەوتوون، یان لەبەر گیرفان بەتاڵی تاقەتی قسەیان نییە، ئەرێ لە کوێی دنیا هەیە هەرکەسەو بێت و لەخۆیەوە دامەزراوەی وەرزشیی دروستبکات و بەبێ ڕێنمایی و بەبێ ڕەچاوکردنی ڕیزبەندی ئاستی وەرزشی لە وڵاتدا. پێموایە ئەو یانانەی کە بەنیازن "ئەکادیمیا" بکەنەوە، بەهەڵە لەو کارە تێگەیشتوون، ئەگەرنا ئەکادیمیا نییە لە دنیا بۆ ماوەی 3 مانگ بێت، تەنیا خولی مەشق و ڕاهێنان هەیە بۆ ئەو ماوەیە، کە بۆ یاری تۆپی پێ بە 3 مانگ منداڵ فێری شتێکی گاگۆڵەش نابێت!!.

ئاڵای کوردستانیان لەسەر درێسی خۆیان داناوە..

# فەرەنسییەکان تیپێک بەناوی کوردستان دادەمەزرێنن

"بەر لە هەموو یارییەک سروودی نیشتیمانیی ئەی ڕەقیب دەڵێنەوە"



**دەشتی عومەر**
**ڕووداوی وەرزشی ـ فەرەنسا**

گەنجێکی فەرەنسی لە خۆشەویستی خۆی بۆ کوردستان، لە فەرەنسا لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی تیپێکی تۆپی پێ بە ناوی کوردستان دادەمەزرێنێت، ئاڵای کوردستانیان لەسەر درێسی خۆیان داناوەو هەموو پێش یارییەکیش سروودی ئەی ڕەقیب دەڵێنەوە.

بێنوا بغاسا، هاوڵاتییەکی فەرەنسییە، دوای ئەوەی لە ساڵی 2012 ـ 2013 سەردانی کوردستان دەکات، بۆ ماوەیەک لە کوردستان دەمێنێتەوە، ئاشنا دەبێت بە کلتوور و مێژووی کورد، کورد و کوردستانی خۆشدەوێت، تا ڕاددەیەک لەگەڵ کورد هاوکلتوور دەبێت و هەست دەکات ئەویش وەک هەر تاکێکی دیکەی کورد هاوڵاتییەکی کوردستانە. بێنوا بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت "هەردەم خەون بە ئازادی کوردستانی گەورەوە دەبینم، تاوەکو ئێستاش لە فەرەنسا ڕۆژانە گوێبیستی هەواڵەکانم دەربارەی ڕووداوەکانی کوردستان".

بێنوای فەرەنسی کاتێک دەگەڕێتەوە بۆ فەرەنسا ئەو هاوسۆزییەی تەنیا لە ناخیدا گڵ ناداتەوە، بەڵکو دەبێت بە پردێک بۆ گەیاندنی هاوسۆزی گەنجانی فەرەنسی بۆ کورد و خاکی پیرۆزی کوردستان. دواتر بێنوا و هاوڕێکانی بیرۆکەی ئەوەیان لا دروست دەبێت کە لە ڕێگەی دروستکردنی تیپێکی تۆپی پێ بەناوی کوردستانەوە، کوردستان ئاوێتەی ناخی هەموو تاکێکی فەرەنسی بکەن. بۆیە ئێستا بۆ زیاتر لە ساڵێک دەچێت کە بێنوا و هاوڕێکانی تیپی تۆپی پێی کوردستانیان دەمەزراندووەو وەک تیپێکی بەهێز یارییەکانیان ئەنجام دەدەن.

بێنوا و 8 هاوڵاتی دیکەی فەرەنسی ئەو تیپەیان دامەزراندووەو وەک بێنوا بە (ڕووداوی وەرزشی) گوتووە "ئاڵای کوردستانیان لەسەر درێسی خۆیان داناوە، سەرەتای هەموو یارییەکیش بە سروودی نیشتیمانیی ئەی ڕەقیب دەستپێدەکەن". هەروەها بێنوا گوتیشی "تیپی کوردستان تیپێکی بەهێزە و تاوەکو ئێستا لە چەندین یاریدا سەرکەوتنمان بەرامبەر تیپەکانی فەرەنسا بەدەستهێناوە".

ئەمڕۆ بەرامبەر یانەیەکی ماڵتا یاری دەکات..

# تۆپی دەستی چوارباخ لە فێستیڤاڵی سوێد بەشدارە

**هەرێز جەمال**
**ڕووداوی وەرزشی ـ سوێد**

بۆ یەکەمجار لە مێژووی تۆپی دەستی عێراق و کوردستان، فێرگەیەکی تۆپی دەستی شاری سلێمانی لە گەورەترین فێستیڤاڵی تۆپی دەست لە وڵاتی سوێد بەشدارە.

زۆزک جەمال، ڕاهێنەری فێرگەی تۆپی دەستی چوارباخ سەر بە یانەی سیروانی نوێ بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت "لەسەر بنەمای داوەتنامەیەکی تایبەت تاوەکو 4ی مانگی داهاتوو بەشدارین لە فێستیڤاڵی ساڵانەی (پارتیلە کەپ)، کە ساڵانە لە سوێد ڕێکدەخرێت، ئەمساڵ زیاتر لە 45 وڵات بە نوێنەرایەتی زیاتر لە 100 قوتابخانەو یانە بەشداری ئەو پاڵەوانیەتییەیان کردووەو زیاتر لە 1000 یاریزان لە هەردوو ڕەگەزەکە بەشدارن". زۆزک هەروەها گوتی "پشکداریمان بە ئاڵای کوردستانەوە بەشی زۆری تیپە بەشداربووەکانی تووشی شۆک کردووەو هەمووان بە گەورەیییەوە لە بەشداریکردنی ئێمە دەڕوانن، چونکە ئێمە بەهاتنمان کارێکی مەحاڵمان کرد".

ڕاهێنەرەکەی فێرگەی چوارباخ، گوتیشی "لەم فێستیڤالەدا، ئەوەندەی چاوکرانەوەی یاریزانان و زیاتر پەیوەندی بەستن و فێربوون لە ئەزموونی بەهێزی وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا بەلایانەوە گرنگە، ئەوەندە بایەخ ناخەنە سەر جامەکە".

بڕیارە ئەمڕۆ سێشەممە 2015/6/30 فێرگەی تۆپی دەستی چوارباخ لە شاری گۆتەنبێرگ یەکەم یاری خۆی بەرامبەر یانەیەکی وڵاتی ماڵتا ئەنجام بدات.



دەیەوێ ئەمساڵ ڕکابەری لەسەر نازناوی خولی کوردستان بکات..

# بابۆ بۆمبێک دەتەقێنێتەوە

**کارزان کانەبی**
**ڕووداوی وەرزشی ـ پیرمام**

ڕاهێنەری تۆپی پێی یانەی وەرزشیی پێشمەرگەی هەولێر بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند کە بەنیازن گۆڕانکاری لە ڕیزی تیپەکەیان بکەن و گوتی "من بەردەوام دەبم و دەمانەوێ ڕکابەری لەسەر نازناوی خولی یانە نایابەکانی کوردستان بکەین".

وەرزی ڕابردوو یانەی پێشمەرگەی هەولێر بەسەرپەرشتی سەمیر بابۆی ڕاهێنەری گەنج پلەی چوارەمی لە خولی کوردستان بەدەستهێنا، بۆیە بابۆ خەریکی دانانی بۆمبێکی چێنراوە بۆ ئەوەی بتوانێ بۆ وەرزی داهاتوو پێشمەرگەی هەولێر بیکاتە یەکێک لە یانە ڕکابەرەکانی بردنەوەی نازناوی خولەکە.

## گۆڕانکاری دەکات و بەردەوام دەبێت

سەمیر بابۆ، بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت "ئەمساڵ ئێمە ئەنجامێکی باشمان بەدەستهێنا و بەدڵی دەستەی کارگێڕ بوو، بەڵام بۆ وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردستان بەڵێنی ئەوەمان داوە گۆڕانکاری بکەین لە ڕیزی یاریزانان، بۆ ئەوەی ئاست و ئەنجامی باشتربەدەستبهێنین".

لە بارەی چارەنووسی خۆیشی، بابۆ گوتی "من گرێبەستێکی 4 ساڵیم لەگەڵ یانەکە هەیەو هێشتا 3 ساڵم ماوە، بۆیە لەگەڵ یانەکەم بەردەوام دەبم". هەروەها گوتیشی "هیچ گرفتێکم لەگەڵ یانەکە نییە، بۆیە زۆر دڵخۆشم و دەمەوێ زیاتر خزمەتی ئەو یانەیە بکەم".

## دەستبەرداربوون و یاریزانی پیشەگەر

سەمیر بابۆ، لە بارەی دەستبەرداربوونیان لە چەند یاریزانێکی یانەکە، گوتی "ئێمە دەستبەرداری 4 یاریزانی یانەکەمان بووینە، ئەویش بە ڕێککەوتن بووە لەگەڵ یاریزانەکان، گرێبەستەکانمان هەڵوەشاندووەتەوەو مەسەلەکە بەبێ کێشە تەواوبووە". هەروەها گوتیشی "بێگومان کە ئەوان ڕۆیشتوون و لە شوێنی ئەوان یاریزانی دیکە دەهێنین". بەڵام لە بارەی هێنانی یاریزانی پیشەگەر بۆ یانەکەیان، گوتی "ئێمە تاوەکو ئێستاش یاریزانی پیشگەرمان هەبووەو لەگەڵمان ماون، بەڵام جارێ دیار نییە ئایا ئێمە پێویستمان بە یاریزانانی پیشەگەری دیکەش دەبێت یاخود نا؟".



لە بارەی پشتبەستن بە یاریزانانی تیپی لاوانی یانەکەش، بابۆ گوتی "تاوەکو ئێستا تیپی لاوانی یانەی پێشمەرگەی هەولێر ئامادەنەبووە بۆ پێگەیاندنی یاریزانانی لاو و بۆ ئەوەی بەسەریان بێخین، ئێستا ناتوانین پشت بە یاریزانانی لاوی یانەکەمان ببەستین".




ڕووداو وەرزشی
ژمارە (357) سێشەممە 2015/6/30

KOREK



لێدراوە

نیکۆلا ئەنێلکای یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی فەرەنسا هۆکاری ڕۆیشتنی لە یانەی ئارسناڵی ئینگلیزی بەرەو ڕیال مەدریدی ئیسپانی ئاشکرادەکات و دەڵێت "کاتێک لە ئارسناڵ بووم، لە لوتکەی ئاستبەرزی خۆمدا بووم، هیچ کێشەیەکم نەبوو، بەڵام لە رقی پاتریک ڤییێرا ڕۆیشتم، چونکە لە یارییەکماندا بەرامبەر فۆلهام گۆڵێکمان لێبوو، هیچ هەڵەی من نەبوو، کەچی کە ڕۆیشتینە ژووری جلگۆڕین، ڤییێرا چاوی لێ سوورکردمەوە و دواتر بە بەرچاوی هەموو هاوڕێکانمەوە شەقەزللەیەکی لێدام، کەس بڕوای نەدەکرد، ناخۆشترین ڕۆژم بوو، بۆیە بڕیارمدا لە ئارسناڵ بڕۆم".

یاسا ڕێگە نادات ڕیال مەدرید 10 ملیۆن یۆرۆی پێبدات..

# ڕامۆس لەبەر بێکهام لە ڕیال مەدرید ناڕوات



**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

یاسای باج لە ئیسپانیا، کە بە "یاسای بێکهام" دەناسرێت، ڕێگە نادات یانەی ڕیال مەدرید مووچەیەکی 10 ملیۆن یۆرۆی ساڵانە بدات سێرجیۆ ڕامۆسی بەرگریکاری خۆی.

ڕامۆس شەشەم بەرزترین مووچەی هەیە لە ڕیال مەدرید، دوای کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، گاریس بەیڵ، ئیکەر کاسیاس و کەریم بنزیمە، کە ئێستا ساڵانە 6 ملیۆن یۆرۆ وەردەگرێت. ڕیال مەدرید لەبەر 2 هۆکارێکی ڕەوا بە داواکارییەکەی ڕامۆس ڕازی نییە کە داوادەکات مووچەی ساڵانەی بۆ 10 ملیۆن یۆرۆ بەرزبکاتەوە.

هۆکاری یەکەم: ئەگەر ڕیال مەدرید ڕازی بێت مووچەی ڕامۆس بۆ 10 ملیۆن یۆرۆی ساڵانە بەرزبکاتەوە، دەرگای دۆزەخ بەڕووی کارگێڕی یانەکە دەکرێتەوەو چەندین یاریزانی دیکەش داوای زیادکردنی مووچەکانیان دەکەن، دوای ئەوەی یانەکە یاسا و سیاسەتی مووچەکان دەشکێنێت و 10 ملیۆن یۆرۆ بە ڕامۆس دەدات.

هۆکاری دووەم: ئەگەر ڕیال مەدرید بە داواکارییەکەی ڕازی بێت و یاسای مووچەکانی بشکێنێت، گرێبەستە تازەکەی ڕامۆس بە 100 ملیۆن یۆرۆ لەسەر یانەکە دەوەستێت. چونکە لە ئیسپانیا باج لەسەر مووچەی یاریزانان هەیە کە بە "یاسای بێکهام" ناسراوە، واتە ڕیال مەدرید 10 ملیۆن یۆرۆ باج دەداتە حکومەت، بەمەش پێویستە ڕیال مەدرید ساڵانە 20 ملیۆن یۆرۆ لە ڕامۆس خەرج بکات و ئەو ژمارە لە 5 ساڵ بدەی دەکاتە 100 ملیۆن یۆرۆ.

هۆکاری سێیەمیش نارەزایی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی یەکەمی یانەکەیە لەسەر فرۆشتنی ڕامۆس، کە بەهیچ شێوەیەک ڕازی نییە فلۆرەنتینۆ پیرێزی سەرۆک دەستبەرداری ڕامۆس بێت و تەنانەت هەنێک سەرچاوە باس لەوە دەکەن ئەگەر پیرێز کەللەڕەقی بکات و ملکەچی ویستی ڕۆناڵدۆ نەبێت لەم پرسەدا، دوور نییە شۆڕشێک لە یانەکەدا لە دژی سەرۆک بەرپابێت و سەری سەرۆک بخوات.

بۆیە ماڵپەڕێک لەو بارەوە نووسیویەتی "تەڵاقی نێوان ڕامۆس و ڕیال مەدرید حەرامە"

لە نوێترین هەواڵیشدا ڕۆژنامەکانی مەدرید ئاشکرایانکرد کە پیرێز هەوڵدەدات بە نیشانەی کاپتنی ڕامۆس ڕازی بکات بمێنێتەوەو نووسیویەتی "پیرێز بەڵێنی بە ڕامۆس داوە بیکاتە کاپتنی یەکەمی ڕیال مەدرید ئەگەر بڕیار بە مانەوە لە ڕیال مەدرید بدات".

"ئەگەر سەرۆک ملکەچی ویستی ڕۆناڵدۆ نەبێت لەوانەیە سەری خۆی بخوات"

# ئەگەر ڕامۆس بچێتە مان یونایتد چی بەسەردێت؟



"ڕۆیشتنی ڕامۆس بۆ MU واتە دووركەوتنەوە لە جامەکان و نزیکبوونەوە لە نازناوەکان"

**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

هەواڵی ڕۆیشتنی سێرجیۆ ڕامۆس لە یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی بۆ یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی ڕۆژ بە ڕۆژ گەرمتر دەبێت، ئەگەر ڕامۆس بچێتە مان یونایتد پێشبینی دەکرێت ئەو شتانەی بەسەربێت.

1- ململانێ لەنێوان ڕامۆس و کۆستا دووبارە دەبێتەوە

ئەو دوو یاریزانە بەردەوام بە گژ یە کد یدا دەچوون ئەوکاتەی کۆستا لە ئەتلەتیکۆ مەدرید یاریدەکرد، پێشبینی دەکرێت دوژمنایەتی نێوان ئەو دووانە بەردەوام بێت، ئەگەر ڕامۆس بچێتە مان یونایتد و ڕووبەڕووی یانەی چێلسی و کۆستا ببێتەوە.

2- وەرگرتنی کارتی سوور درێژەی دەبێت

ڕامۆس لەگەڵ ڕیال مەدرید زۆرترین کارتی سووری لە مێژووی یانەکە وەرگرتووە، کە 19 کارتی سوورە. وەک زانراویشە خولی ئینگلیزی بە زەبر وزەنگ ناسراوە، ئەوەش وا دەکات ڕامۆس کارتی سووری زیاتر وەربگرێت.

3- نەمانەوە لە دڵی بەرگری

ئەگەر ڕامۆس بچێتە ڕیزەکانی مانچستەر یونایتد، لەوانەیە لویس ڤانگالی ڕاهێنەر لە هێڵی ناوەڕاست یاری پێبکات، چونکە لە ڕیال مەدریدیش ئەزموونی لەو شوێنە هەیە.

4- بەیەکگەیشتنەوەی هاوڕێکان

ڕامۆس پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ یاریزانی ئەڵمانی مەسعود ئۆزیل هەیە، ئەوکاتەی هەردووکیان بەیەکەوە لە ڕیزەکانی ڕیال یارییان دەکرد، پێدەچێت ئەو دووانە لەنێو و دەرەوەی یاریگەش بەیەک بگەنەوە، ئەگەر ڕامۆس بچێتە مان یونایتد، ئۆزێلیش لە ڕیزەکانی ئارسناڵ یاری دەکات.

5- شێوازی خۆشی دەربڕینی لە کاتی گۆڵ تۆمارکردن نایابە

ڕامۆس لە کاتی گۆڵ تۆمارکردن ورە بەرزی و هەڵچوون و خۆشی دەردەخات، شێوازی خۆشی دەربڕینی ڕامۆس زۆر لەگەڵ کەسایەتییەکەی گونجاوە، زۆرجار هەوڵی تازەگەریش دەدات، دوایین شێوازی خۆشی دەربڕینی دووبارەکردنەوەی شێوازی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ بوو.

6- لە مانچستەر یونایتد شەرمن دەبێت

ڕۆژنامەکانی ئینگلتەرا پێشبینی دەکەن ڕامۆس لە ڕۆژەکانی یەکەمی لەگەڵ شەیتانە سوورەکان شەرمن بێت، چونکە بە ئاسانی شەرمەزار دەکرێت، هەرچەندە ئەو کەسایەتییەکی بەهێزیشی هەیە.

7- دووركەوتنەوە لە جامەکانی مانچستەریونایتد

ڕۆژنامەیەک گاڵتەی بە ڕامۆس کرد و داوای لە مان یونایتد کرد ڕێگە بە ڕامۆس نەدات، لە جامەکانی نزیک بکەوێتەوە، کە ئاماژەیە بۆ ڕووداوی کەوتنی جامی شای ئیسپانیا لە دەستی ڕامۆس لە کاتی ئاهەنگ گێڕانی ڕیال مەدرید بە دەستکەوتەکە.

8- دەبێتە یاریزانێکی سەرەکی لێدانەکانی ڕاستەوخۆ

ڕیال مەدرید یاریزانی زۆری هەیە لێدانی ڕاستەوخۆ لێبدەن، ئەمەش ڕۆڵی ڕامۆسی لە ڕیال فەرامۆش کردووە، بۆیە پێدەچێت جێبەجێکردنی لێدانی ڕاستەوخۆ لە حاڵەتی چوونی بۆ مان یونایتد زیاتر دەبێت.

9- شیاندنەوە لە پێکانەکان لە باشترین هۆڵ

هۆڵی کارینگتۆنی سەر بە مانچستەر یونایتد، یەکێکە لە باشترین هۆڵەکانی وەرزشی و چارەسەری و کات بەسەربردن لە جیهاندا، ئەوەش دڵنەوایی بەڕامۆس دەدات ئەگەر بچێتە مانیو.

10- نزیککەوتنەوە لە دەستکەوتەکان

پەیوەندی ڕامۆس لەگەڵ نازناوەکان پەیوەندییەکی پتەوە، چونکە لەگەڵ ڕیال مەدرید چەندین نازناوی بەدەستهێناوە، ئەوەش لە حاڵەتی هاتنی ڕامۆس وا لە مانچستەر یونایتد دەکات هەست بە ئارامی و نزیک کەوتنەوە لە دەستکەوتەکان بکات.

لە یەک یاریدا 1.7 ملیۆن یۆرۆی قازانج کردووە..

# مێسی مافیا و تریاکچی دەرچوو

"لیڤاندۆڤسکی پێشتر دەیزانی ئەو یاریانەی مێسی ساختەن"



**ئا: ئیحسان تامیر**

لە مانگی ئاداری ڕابردوودا ڕۆژنامەیەک ئاشکرایکرد کە ئەو دوو یارییە خێرخوازییەی لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی بارسیلۆنای ئیسپانی لە ساڵی 2013 ڕێکیخستبوون، پەیوەندیان بە تۆڕێکی مافیاوە هەبووە، ئەوان ئەو دوو بۆنە و یارییەی بۆ بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان و سپیکردنەوەی پارە بەکارهێناون.

دوای 4 مانگ ڕۆژنامەی ئەلمۆندۆ، کە ڕۆژنامەیەکی گشتییە لە ئیسپانیا (نەک مۆندۆ دیپۆرتیڤۆ، کە ڕۆژنامەیەکی وەرزشییە)، بۆمبێکی گەورەی تەقاندەوەو ڕایگەیاند ئاژانسی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکانی ئەمریکا DEA شایەتی یەکێک لە کارمەندەکانی خۆی ئاشکراکردووە، کە ئێستا لە زیندانێکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەندکراوە. ئەو کارمەندە جەختی لەوە کردووەتەوە کە ئەو دوو یارییە لەلایەن تۆڕێکی مافیا بە ناوی "ئیل کارتێل دی لۆس ڤالنسیا" ڕێکخراون و هەروەها ئامادەیی خۆیشی نیشانداوە کە وردەکاری زیاتر ئاشکرا بکات.

## باوکی تاوانبارە

نوێترین هەواڵەکان لەو بارەوە باس لەوە دەکەن کە مێسی ئەرکی ڕێکخستنی دوو یارییەکەی بە باوکی ڕاسپاردووە بۆیە وەک ڕۆژنامەی ئەلمۆندۆ باسیکردووە "بێگومان باوکی مێسی تاوانباری یەکەمە لەم تاوانە، بەڵام هێشتا دیار نییە مێسی ئاگاداری ئەو پەیوەندیانەیە یان نا". ئەو ڕۆژنامەیە زیاتر دەڵێت "هەر چۆنێک بێت ئەم پرسە کاریگەرییەکی زۆر دەکاتە سەر ناوبانگی مێسی، بەتایبەت کە پێشتریش بە خۆدزینەوە لە دانی باجی دەوڵەت تۆمەتبار کراوە".

## لێکۆڵینەوەکان بەردەوامن

بە گوێرەی ڕۆژنامە ئیسپانییەکە ئاژانسی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکانی ئەمریکا DEA دەستی بە لێکۆڵینەوەکانی کردووەو گومانی لە هەندێک لە ڕێکخەرانی ئەو دوو یارییە هەیە کە پەیوەندیان بە مافیای مەکسیک و کۆلۆمبیاوە هەیە". هەروەها ئەو ڕۆژنامەیە دەڵێت "گومان دەکرێت ئەو یارییەی لەنێوان هاوڕێیانی مێسی و نیمار لە پیرۆ بەڕێوەچوو، پەیوەندی بەم پرسەوە هەبێت".

## مێسیش تۆمەتبارە

ئەلمۆندۆ ئەوە بە دوور نازانێت ئاژانسی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکانی ئەمریکا DEA لێکۆڵینەوە لەگەڵ مێسیش بکات و لێی بپرسێت کە بۆچی و چۆن پەیوەندی لەگەڵ ئەو کەسانە دروستکردووە؟ بۆچی لە ڕێکخستنی یارییە خێرخوازییەکاندا پشت بەوان دەبەستێ؟!.

هەروەها ڕۆژنامەکە نووسیویەتی "داهاتی یەکێک لەو یارییانە گەیشت بووە 1.7 ملیۆن یۆرۆ، ڕاستەوخۆش چووەتە سەر حسابی یەکێک لە نوێنەرانی مێسی، کە ناوی گیێرمۆ مارینە".

## لیڤاندۆڤسکی دەیزانی

پێشتر گۆڤاری دیر شبیگلی بەناوبانگی ئەڵمانیش ئاشکرایکردبوو کە مێسی چەندینجار داواکاری پێشکەشی ڕۆبەرت لیڤاندۆڤسکی هێرشبەری پۆڵۆنی یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی کردبوو بۆ ئەوەی پێکەوە یارییەکی خێرخوازی ڕێکبخەن و نووسیویەتی "بەڵام لیڤاندۆڤسکی هەموو جارێ داواکاری مێسی ڕەتکردووەتەوە، چونکە گومانی لە ڕێکخەرانی یارییەکە هەبووە کە ئەو پارەیە بگەیننە هەژاران".

ئەو گۆڤارە زیاتر باسی ئەو پرسە دەکات و دەنووسێت "ڕێکخەرانی یارییەکە بە لیڤاندۆڤسکیان گوتبوو، بڕی 180 هەزار یۆرۆت پێدەدەین ئەگەر بەشداری لە یارییەکەدا بکەی، ئەمەش گومانی لای ئەو دروستکردبوو، چونکە هەموو یاریزانان بێبەرامبەر بەشداری لە یارییە خێرخوازییەکاندا دەکەن، بۆیە داواکاری مێسی و ڕێکخەرانی یارییەکەی ڕەتکردبووە".

"یارییە خێرخوازییەکانی مێسی لەلایەن مافیاوە ڕێکدەخرێن"



رۆژنامەی لیکیپی فەرەنسی پێکانی بەردەوامی فرانک ریبێری ئەستێرەی فەرەنسی، بە پێکانی پێشووی ئەستێرەی تۆپی پێی هۆڵەندی، مارکۆ ڤان باستنی بەراورد کردووە، کە پێکانە بەردەوامەکان ناچاریانکرد زوو واز لە کاروانی وەرزشیی بهێنێت و نووسیویەتی "ریبێری تەمەن 32 ساڵان لەسەر هەمان رێچکەی ڤان باستن گوزەر دەکات، کە ساڵانی 1988، 1989، 1992 خەڵاتی تۆپی زێرینی بەدەستهێناوە، باستن لە مانگی ئابی 1995 لە تەمەنی 31 ساڵی بە ناچاری بەهۆی پێکانی بەردەوام لە پاژنەی پێی وازی لە تۆپی پێ هێنا".

# سەرۆک بەختهێنەری هەڵبژاردەی وڵاتەکەیەتی و خەڵاتی گۆڵچییەکیش تەنیا چەقۆیەکە

سەیر و سەمەرە!!

**ئا: رەمزی میرەکانی**

لە جیهانی وەرزش بە گشتی و تۆپی پێ بەتایبەتی، زۆر بەسەرهات روودەدەن کە بروا پێکردنیان زەحمەتە، بەڵام لە راستیدا روودەدەن:

## سەرۆک بەختهێنەری هەڵبژاردەی وڵاتەکەیەتی



خاتوو میشێل باچلیت، سەرۆکی چیلی، بووەتە نیشانەی بەخت و بەختەوەری بۆ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی لە کۆپا ئەمێریکا، کە بەرەبەیانی پێنجشەمەی رابردوو توانی خۆی بگەینێتە قۆناخی چوارگۆشەی زێڕینی پاڵەوانیەتییەکە، دوای ئەوەی لە هەڵبژاردەی ئۆرۆگوای بردەوە. لە وەتەی پاڵەوانیەتی کۆپا ئەمێریکا دەستیپێکردووە سەرۆکی چیلی لە هەموو یارییەکانی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی ئامادە دەبێت، بەو ئامادەبوونەشی بەختی بۆ هەڵبژاردەی چیلی هێناوە و لە هیچ یارییەک نەدۆڕاوە. ئەو خانمە سەرۆکە بەردەوام هانی یاریزانەکان دەدات و بەشداری خۆشییەکانیان دەبێت. سەرۆک باچلیت لە شوێنی سەرەکی ناو یاریگە بەشێوەیەکی سەرشێتانە خۆشی خۆی بە سەرکەوتنی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی بۆ قۆناخی پێش کۆتایی دەربڕی، لە خۆشیان سەمای کردو چەپڵەی لێدا و هاواری کرد، چونکە ئەوە 16 ساڵە هەڵبژاردەی چیلی نەگەیشتووەتە ئەو قۆناخە. سەرۆک باچلیت بە ئامادەبوونی لە یارییەکانی هەڵبژاردەی چیلی سەرنجی هەموو جیهانی بەلای خۆیدا راکێشا، لە شوێنی سەرەکی ناو یاریگە سەیری یارییەکانی دەکرد، دوور لە هەموو پرۆتۆکۆل یان سیفەتی فەرمی. سەرۆک تەنیا لە شوێنی تایبەتی خۆی ئاهەنگی نەگێڕا، بەڵکو چووە ژووری جلگۆڕینی هەڵبژاردەی چیلی و لەگەڵ یاریزانەکان ئاهەنگی گێڕا، ئەو شتەش لە هەردوو یاری بۆلیڤیا و ئۆرۆگوای دووبارە بووەوە.

## لە دژی یەکدی خۆدەکوژن



پێشتر ئیمانوێل ئەدیبایۆری هێرشبەری تۆگۆلی و یاریزانی یانەی تۆتنهامی ئینگلیزی، لە رقی براکەی هەوڵی خۆکوشتنی دا، ئەمجارەیان براکەی لە رقی ئەو ویستی خۆی بکوژێت.

چەند ماڵپەرێکی وەرزشی ئاشکرایانکردووە، رۆتیمی برای ئەدیبایۆر هەوڵیداوە خۆی بکوژێت و بە چەقۆ لەخۆی داوە، چونکە بەرگەی تۆمەتبارکردنی بە دزی نەگرتووە. کە ئەدیبایۆر پێشتر بەوە تۆمەتباری کردووە کە 21 مۆبایلی لە ئەکادیمیایەکی تۆپی پێ لە فەرەنسا دزیوە، هەروەها چەند درێسێکی یادگاریشی لەو دزیوە، کە چەند ئەستێرەیەکی گەورەی وەک زەینەدین زێدان بە درێسی ریال مەدرید بە واژووکراوی پێشکەشیان کردبوو. براکەی ئەدیبایۆر بەرگەی ئەو تۆمەتانە و ئابڕووچوونی بەرامبەر خەڵکی نەگرت، بۆیە هەوڵیدا خۆی بکوژێت، ئەو زانیاریانەش لە کەسێکی نێو خانەوادەکەی وەرگیراوە، بێئەوەی ناوی بهێندرێت. رۆتیمی دوای ئەوەی بە چەقۆ لەخۆی دەدات بە سوورهەڵگەڕاو بە خوێن دەدۆزرێتەوەو راستەوخۆ رەوانەی نەخۆشخانە دەکرێت، لەوێ خوێنی تێدەکرێت و گیانی لە مردن رزگار دەکرێت.

## چەقۆیەک خەڵاتی وازهێنان بوو



یانەی تۆلای رووسی کۆتایی بە کاروانی وەرزشیی گۆڵچییەکەی، ئەلیکساندەر فیلمینۆڤ هێنا، واتە ئەو گۆڵچییە تەمەن 41 ساڵانە دوای مانەوە چەندین ساڵ بە رێژەیەکی زۆر خولی رووسیا جێدەهێڵێت. تاوەکو ئێرە شتەکە ئاساییە، بەڵام ئەوەی ئاسایی نەبوو ئەوەبوو کە لە ئاهەنگی ماڵئاواییکردن لەو گۆڵچییەدا، کارگێڕی یانەکە دیارییەکی سەیری پێشکەشکرد، کە بریتی بوو لە چەقۆیەک. ئەم کارە هاندەرانی یانەکەی تووشی سەرسوڕمان کرد و وایکرد خەڵکانێکی زۆر رەخنە لەو هەنگاوە بگرن، چونکە ئەو دیارییەی وەک خەڵات پێشکەشی کراوە، هێما نییە بۆ هیچ شتێک و بە خراپە بەسەر ناوبانگی ئەو گۆڵچییەی پێشووی سپارتاک مۆسکۆ دەشکێتەوە، کە لەگەڵ ئەو یانەیەدا رۆڵێکی کاریگەری بینیوە لە بردنەوەی 6 جار نازناوی خولی رووسیا.

چی لە یانەی مێرەنگی دەکات..

# ئەرکی بینیتێز زۆر زەحمەتە

( 2 – 1 )

**هەوراز کاوە**

رۆژانی پێشوو ئیدارەی یانەی ریال مەدرید بە فەرمی رەفا بینیتێزی کردە راهێنەری یانەی ریال مەدرید بۆ ماوەی 3 وەرز. دەستبەکاربوونی ئەو راهێنەرە هاوکاتە لەگەڵ چنینەوەی نازناوەکانی یانەی بارسێلۆنا و کەڵەکەبوونی گرفتەکانی ناوخۆی یانەی مێرەنگی.

کەواتە بینیتێز وەکو حەکیمێک دەبێت لە یانەکەدا چی بکات؟ بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بگەڕێتەوە سەر شانۆی بردنەوەی نازناوەکان. خاڵێک کە دەبێتە مایەی هێزی رەفا ئەوەیە بتوانێت لە بازاڕی کڕین و فرۆشتنی یاریزاناندا بەوپەڕی ژیری و زیرەکانە مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆخەدا بکات، کاتێک راهێنەری پێشوو شکستی هێنا لە هێنان و بردنی یاریزانەکان، هەروەها دوو کۆڵەکەی سەرەکی یانەکەی فرۆشت کە رۆڵی گەورەیان هەبوو لە بردنی نازناوی دەیەم. ناشبێت ئەوە لەیاد بکەین، پیرێز پیاوێکە دەست ناخاتە کاروباری بردن و هێنانی یاریزانەکان، بەڵکو ئەوە ئەرکێکە بۆ راهێنەر دەیهێڵێتەوە.

یانەی مێرەنگی پێویستی بە بەرزکردنەوەی ئاستی چەند شوێنێکی یاری یانەکە هەیە، لەوانە شوێنی گۆڵچی یانەکە زۆرترین قسەو باسی لەسەرە، هەروەها یاریزانێک بۆ دڵی بەرگری یانەکە، یاخود هەرنەبێت کەسێک بتوانێت لە ساتە دژوارەکاندا ئەو جێگایە پڕبکاتەوە. ئێستا دەنگۆی ئەوە لە ئاردایە پیرێز هەردوو یاریزان ڤێراتی یاریزانی بەرگری ناوەند و کۆن ئەگوێرۆی هێرشکار بۆ ئەو دوو شوێنی بگوازێتەوە، کە تیپەکە لە زۆر شوێنیتر پێویستی پێیەتی. هەموو تیپ و یانەکانی جیهان فشاری هاندەر و دەزگاکانی راگەیاندنیان لەسەرە، بەڵام هیچ کام لەوانە هێندەی یانەی شاهانە ناکەونە ژێر فشاری توندی هاندەرانی یانەکە و راگەیاندنکارانی نزیک لە تیپەکە. بۆ نموونە کاتێک یانەکە بەرامبەر بە تیپێکی وەک بارسێلۆنا دووچاری شکست دەبێت، هاندەران و دەزگاکانی راگەیاندنی نزیک لە تیپەکە هەموو شتێک دەکەن بۆ لە بیربردنەوەی ئە و نشووستە، کە ئەوەش کاریگەری زۆر لەسەر دەروونی یاریزانەکان کەڵەکە دەکات. هەروەها ئەرکی بینیتێزە بەشێوەیەکی خێرا بونیادی دەروونی یاریزانەکانی لەو جۆرە گرفتانە بپارێزێت، کە بۆ هەمیشەو بەردەوام ئەمە لە یانەی شاهانە دووبارە دەبێتە، چونکە ئەگەر چارەسەر و دەرمانی کێشەکان بنەڕەتی نەبن، ئەوە دوورنییە تیپەکە یاری دوای یاری پشتگیری دەرەوەی خۆی لەدەستبدات. بە کورتی: رەفا، دەبێت بە پێچەوانەی ئەنچیلۆتی پشتگیری دەزگاکانی راگەیاندنی یانەکە و هاندەرە سەرشێتەکانی دەستەبەر بکات.

ئەنچیلۆتی شکستی هێنا لەوەی یاری بە نۆرە بە یاریزانەکان بکات، ئەوەش لەو کاتەدا دەرکەوت کە پێکانەکان بەرۆکی تیپەکەیان گرت، کاتێک سەیری کورسی یەدەگنیشنی یانەکەیشی دەکرد هیچ بژاردەیەکی نەبوو بۆ ئەوەی سادەترین گۆڕانکاری پێ بکات، کەچی لویس ئێنریکی راهێنەری تیپە رکابەرەکەی بەشێوەی خولانەوە یاری بە هەموو تیپەکەی دەکرد، ئەودیوی ئەمانە لەم وەرزەدا بە چارەسەر نەکراوی بۆ رەفا بینیتێز ماونەتەوە. ئەگەرچی کارەکەی لە هەنگاوی سەرەتادایە، بەڵام دروستە پێکهاتەی بنەڕەتی دروست بکات، هەر نەبێت ئەوان لە 3 خولی گەورەدا بەشدارن.





# فێرگسۆن هێشتا کاریگەرترین کەسایەتی پریمەرلیگە

**روداوی وەرزشی ـ MU4**

هەرچەندە دوو وەرزە وازی لە پۆستی راهێنەرایەتی هێناوە، کەچی سێر ئەلیکس فێرگسۆنی راهێنەری مێژوویی پێشووی یانەی مانچستەر یونادی ئینگلیزی، یەکێکە لە دیارترین کەسایەتییەکان و هێشتا لە سەرووی لیستی کاریگەرترین کەسایەتییەکان لە مێژووی پریمەرلیگ دێت.

رۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی لیستێکی بەناوی کاریگەرترین کەسایەتییەکان لە مێژووی پریمەرلیگ بڵاوکردووەتەوە، کە سێر ئەلیکس فێرگسۆنی راهێنەری سکۆتلەندی لە سەرووی لیستەکە دێت و بە پێش چەندین ئەستێرە، راهێنەر، کەسایەتی وەرزشی و سەرۆکی یانەکان کەوتووە.

کاروانی راهێنەرایەتی فێرگسۆن لەگەڵ مانچستەر یونایتد ساڵی 1986 دەستیپێکرد و ساڵی 2013 کۆتایی پێهات، لە ماوەی ئەو 27 ساڵەدا توانی چەندین نازناوی ناوخۆیی و کیشوەری بەدەست بهێنێت، لەوانەش 13 نازناوی خولی ئینگلتەرا. لە پلەی دووەم رۆبەرت مرۆدکی دامەزرێنەری تۆڕی سکای سپۆرت دێت، کە یەکێکە لە کاریگەرترین کەسایەتییەکان لە مێژووی تۆپی پێی ئینگلیزی. ئێریک کانتۆنای ئەستێرەی پێشووی مانچستەر یونایتد لە پلەی سێیەم دێت، بەتایبەتی بەهۆی ئەو مشتومڕە بەردەوامەی لە کاروانی وەرزشیی دەینایەوە. ئارسین ڤینگەری راهێنەری مێژوویی یانەی ئارسناڵی لەندەنی لە پلەی چوارەم دێت، کە لە ساڵی 1997 تاوەکو ئێستا راهێنەری تۆپهاوێژەکانی لەندەنە. خۆزێ مۆرینیۆی راهێنەری پورتوگالی یانەی چێڵسی لە پلەی نۆیەم دێت، کە چاکەی گەورەی بەسەر شۆڕش و فەلسەفەی تازەی چێڵسی هەیە، بە یارمەتی خاوەنی یانەکە رۆمان ئەبرامۆڤیچی رووسی کە لە پلەی هەشتەم دێت.






تۆنی کرووسی یاریزانی ئەڵمانی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی لە یەکەم وەرزی خۆیدا لەگەڵ ئەو یانەیە ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمارکردو بووە خاوەنی 28 بردنەوە لە لیگا، واتە بە ڕێژەی 77.7%ی ئەو یاریانەی بردووەتە کە خۆی بەشداری کردووە. پێشتر مەسعود ئۆزێلی یاریزانی ئەڵمانی لەگەڵ یانەی شاهانە لە یەک وەرزدا 27 بردنەوەی هەبوو. هەروەها کرووس لەم وەرزەدا 39 بردنەوەی بەدەستهێنا، 28 لە لیگا، 8 لە چامپیۆنسلیگ، 2 لە مۆندیالی یانەکان و یارییەکیش لە جامی سۆپەری ئەورووپا.

# یوڤانتۆسی دوای پێرلۆ و تیڤێز

## "هەر یانەیەک فینالی چامپیۆنسلیگ بدۆڕێنێت گرێبەست لەگەڵ کرواتییەک مۆردەکات"



**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

یانەی یوڤانتۆسی ئیتاڵی ئەمساڵ دوو لە باشترین یاریزانی خۆی لەدەستدا، ئەندریا پێرلۆ کە دەچێتە خولی ئەمریکا و کارلۆس تێڤێزیش کە دەچێتە خولی ئەرجەنتینی. بەڵام ئاخۆ ڕۆیشتنی ئەمانە چ گۆڕانکارییەک بەسەر ئەو یانەیەدا دەهێنن، کە لە وەرزی رابردوودا ئاست و ئەنجامی بەرزی تۆمارکرد.

هەر یانەیەک یاری کۆتایی چامپیۆنسلیگ بدۆڕێنێت، یەکسەر گرێبەست لەگەڵ کرواتییەک واژوو دەکات، ئەوە لەو ساڵانەی دوایی بووەتە نەریت، بایرن میونشن یاری کۆتایی ساڵی 2012 دۆڕاند، دواتر ڕاستەوخۆ ماریۆ ماندزۆکیچی بردە ریزەکانی، ئەتلەتیکۆ مەدرید دوای دۆڕانی یاری کۆتایی 2014 دەستبەرداری کۆستا و ڤیا بوو و لەگەڵ ئەو یاریزانە ژمارە 9 ڕێکەوت، بەر لەوەی یانەی یوڤانتۆسیش هەمان شت دووبارە بکاتەوە و ڕاستەوخۆ گەیشتنی ماندزۆکیچ بۆ قەڵای خانمە پیرەکەی ڕاگەیاند، دوای چەند ڕۆژێکی کەم بەسەر دۆڕانی یاری کۆتایی بەرلین 2015 بەرامبەر بارسیلۆنا.

### ماندزۆکیچ

یاریزانی کرواتی، ماریۆ ماندزۆکیچ هێرشبەرێکە بەردەوام سەرئێشە بۆ بەرگریکارانی تیپی بەرامبەر دروست دەکات، ئەوەش بەهۆی بەهێزی جەستەی و توندوتیژی زیادیەتی، لەگەڵ هاینکس و پاشان سیمیۆنی، ئەو یاریزانە تازەیە لە هێرشبەرێکی بڕۆک نزیکبوو، نەوەک گۆڵکارێکی چەسپاو لەنێو هێڵی سزادا، ئەوەش بەڵگەیەکی روونە بۆ هێرشبەرێک کە گۆڵی زۆر تۆمار ناکات، بەڵام بەرگری دەکات، پرێس دەکات، بۆ دواوە دەگەڕێتەوە و ڕێگە بۆ هاوڕێکانی خۆش دەکات گۆڵ تۆمار بکەن.

ئەو هێرشبەرێکی ئاسایی نییە، یا ن

یاریزانێکی هێرشبەری خاوەن بەهرەی تایبەت بێت، بەڵام لە پرێسکردنی بەردەوام بۆ سەر بەرگریکارانی تیپی بەرامبەر و تەنگ پێهەڵچنینی یاریزانانی هێڵی ناوەڕاست، ئەوانەی لە دواوە یاری دروست دەکەن زۆر بەسوودە، بۆیە گۆڵەکانی ئەو یاریزانە کرواتییە زۆر نییە، بەڵام ڕۆڵی تەکتیکی بۆ ڕاهێنەران زۆر گرنگە، ئەوانەی بایەخ بە جوولەی هێرشبردنی پشتبەستوو بە جوولەکردنی ئەوانەی لە هێڵی ناوەڕاستەوە دێن دەدەن. سیاسەتی یوڤانتۆس لە گرێبەستەکانی بریتیە لە یاریزانێک بەرامبەر یەکێکی دیکە، لەگەڵ هەبوونی یۆرێنتی، مۆراتاو تیڤێز لە هێڵی هێرشبردن، یەکێک لەو سێیانە دەبوایە لە میرکاتۆی هاوینە بڕوات، چونکە بوونی 4 هێرشبەر لە هەر تیپێک زۆر لە مەحاڵ دەچێت، نەخاسمە لەگەڵ سیاسەتی ڕێنمایی یانەی یوڤانتۆسدا، بۆیە تیڤێز ڕۆیشت.

### هێڵی ناوەڕاستی تازە

بەر لە تەواوبوونی دەستەوارەی کرواتی، بەرپرسانی یوڤانتۆس بەخێرایی پرۆسەی گرێبەستکردنیان لەگەڵ ئەڵمانی سامی خدێرای یاریزانی پێشووی ریال مەدرید و پاڵەوانی جیهان لەگەڵ مانشافت لە مۆندیالی بەرازیل کۆتایی پێهێنا. خدێرا لەگەڵ هزرەکانی تۆپی پێی ئیتاڵی ئەم دواییە دەگونجێت، چونکە شوێنێکی گەورە بۆ یاریزانی هێڵی ناوەڕاست هەیە دوو شوێن لەیەککاتدا بەیەکەوە کۆبکاتەوە، نیوەی باڵ لە لایەنەکان، لەگەڵ نیو یاریزانی چەق لە قووڵایی یاریگە. تەکتیکی SHUTTLER دووبارە دەگەڕێتەوە، خدێرا لەگەڵ مۆرینیۆ چەندین یاری لەو شوێنە یاری کردووە، لە پلانی 4 ـ 2 ـ 3 ـ 1 بە ئامادەبوونی ئەلۆنسۆ لە چەقی دواوە و خدێرا وەک یاریزانێکی سەربەست لە لایەنەکان، لەگەڵ 3 هێرشبەر لە پێشەوە، ئەو ڕۆڵەش لە ڕۆڵی مارکیزیۆ، پۆگبا و پێرێرا لەگەڵ یۆڤی لە دوایین وەرز دەچێت.

### دوایین شێوە

هەرگیز ناوی پلان یان شێوازی یاریکردن گرنگ نییە، هەموو ئەو شتانە سەبارەت بە سیستمی گشتی کە ڕاهێنەر پلانی لەسەر بنیات دەنێت بە شتی لاوەکی دادەنرێت. بۆیە ئاستی یۆڤی لە زۆربەی یارییە

گەورەکانی وەرزی رابردوو نەگۆڕ بوو، لە 3 ـ 5 ـ 2 بۆ 4 ـ 4 ـ 2 و 4 ـ 4 ـ 1 ـ 1 بەمجۆرە یۆڤی پاڵەوان تەکتیکی بەهێزی بۆ ئەو وەرزە دروست دەکات، بۆیە پێدەچێت ماسیمیلیانۆ ئەلیگری ڕاهێنەر بۆ وەرزی داهاتوو پارێزگاری لەهەمان پلانی بکات، لەگەڵ گۆڕانکاری لە ناوی یاریزانەکان. مارکیزیۆ یاریزانێکی باشی هێڵی ناوەڕاستە و دەتوانێت زۆر بە باشی ڕۆڵی ریجیستا ببینێت و لەژێر فشار پارێزگاری لە تۆپ بکات، بۆیە ئەو لە شوێنگرتنەوەی پێرلۆ نزیکترە، لەگەڵ گەڕانەوەی چەند هەنگاوێک بۆ دواوە و لە شوێنی 8 لە نێو یاریگە بچێتە شوێنی 4. کلاودیۆ بنەمایەکی سەرەکی هێڵی ناوەڕاستی یۆوڤانتۆسە، پارچەیەکی گرنگە و لەوانەیە بۆ ڕاهێنەر لە پۆگباش گرنگتر بێت. سامی خدێرا و پۆل پۆگبا (ئەگەر بمینێتەوە) لەگەڵ یاریزانێکی بڕۆکی وەک پێرێرا، بەدڵنیاییەوە ئەرتورۆ ڤیدال وەک چەقی نێوان بەرگری و هێرشبردن، لەو چوارە ئەلیگری سێیان لەگەڵ مارکیزیۆ دەست نیشان دەکات، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە پلانی جادوویانەی بکات، کە چەندین نازناوی تازە بۆ پاڵەوانی تۆرینۆ دەستەبەر دەکات.



(2 - 1)

TOUR DE FRANCE گەشتی پێشبڕکێی پایسکلسواری فەرەنسا..

# ئەو وەرزشەی هەموو جیهانی سەرسامکردووە

**ئا. و لە ئینگلیزییەوە:**
**موحسین عەزیز ئەحمەد**

گەشتی پێشبڕکێی پایسکلسواری وەک وەرزشێکی گرنگ لە سەرانسەری دنیا بایەخێکی زۆری پێدەدرێت، بەتایبەت لە ئەورووپا. ئەم وەرزشە سەرنجی خەڵکێکی زۆر لە گەشتیارانی جیهانی ڕاکێشاوەو ساڵانە گەشتیاران لە هەموو وڵاتانی جیهان پشووەکانی خۆیان دەخەنە ئەمکاتەو روو لە فەرەنسا دەکەن بۆ بینینی ئەم پاڵەوانییەتییە، زۆر لە کەناڵەکانی جیهانیش رووماڵی ئەم پێشبڕکێیە دەکەن.

لە کاتی پەخشی ڕاستەوخۆدا بە گرتنی ڤیدۆ بە هەلیکۆپتەر بۆ هەموو جیهان زۆربەی شوێنە جوانەکانی گەشتیاری و مێژوویی فەرەنسا دەبێتە جێی سەرنجی بینەران. لەم بارەوە حکومەتی فەرنسا گرنگییەکی بێوێنەی بە کەرتی گەشتیاری داوەو بودجەیەکی بێ وێنەشی بۆ تەرخانکردووەو لەم بارەوە سەرکەوتوو بووە.

### پێشبڕکێی ئەمساڵ

ئەمساڵیش وەک ساڵانی ڕابردوو پێشبڕکێکە لە 2015/7/4 دەستپێدەکات و لە 26ی تەممووز کۆتایی دێت. 21 تیم، کە هەر تیمێک لە 9 یاریزان پێکهاتووە، بەشداری لە پێشبڕکێیەکەدا دەکەن. یاریزانان لە21 قۆناخدا 3360 کیلۆمەتر دەبڕن. 9 قۆناخ ڕاستاییە،7 قۆناخ بەرزاییە لە چیاکانی فەرەنسا. 3 قۆناغیش مامناوەندیە واتە بەرزایی و ڕاستایی، قۆناخێکیش دژی کاتە، یەک یاریزان 13.8 کیلۆمەتر، 1 قۆناخ تیم دژی کاتە، 23 کیلۆمەتر. لەم ماوەیەدا تەنیا 2 ڕۆژ پشوو دەبێت و ئەمساڵ دەبێتە پێشبڕکێی ژمارە 102 واتە 102 ساڵە ئەم پاڵەوانیەتییە بەردەوامە باشترین یاریزانانی جیهانیش بەشداری تێدا دەکەن.

ئەم پاڵەوانیەتییە تەنیا لە فەرەنسا ناکرێت، بەڵکو بەشێکی زۆری لەناو خاکی فەرەنسایە، ئینجا بەرەو بەشێکی وڵاتانی دراوسێ دەڕوات، وەک ئیسپانیا، سویسرا، ئیتاڵیا، بەلجیکا، بەریتانیا، هۆڵەندا، ئەڵمانیاو دەوبارە دەگەڕێتەوە ناو فەرەنساو شاری پاریس دوا وێستگەیان دەبێت، کە لە شەقامی شانزلیزێ کۆتایی دێت.

یەکەم هەنگاوی پێشبڕکێیەکەی ئەمساڵ لە هۆڵەنداوە دەستپێدەکات و بەناو خاکی بەلجیکا تێدەپەڕێت، ئینجا دەچێتە ناو فەرەنسا، 8 هەنگاوی لە شارەکانی باکووری فەرەنسا ئەنجام دەدرێن و بە فڕۆکە هەموو تیمەکان دەگوازرێنەوە شارەکانی باشووری فەرنسا و کۆتایەکەشی لە پاریس دەبێت، کە لە ماوەی 21 ڕۆژدا 3360 کیلۆمەتر دەبدەبڕن.

### بیرۆکەی یەکەم پێشبڕکێ

یەکەمین ڕۆژنامەی وەرزشی لە فەرەنسا لە کۆتایی سەدەی 19 ڕۆژنامەی لیڤێلۆ LE VELO بوو، کە ڕۆژانە 80 هەزار دانەی لێدەفرۆشرا. ئەوسا کێشەیەک لە سەر سەربازێک بە ناوی ئەلفرێد دریفوس ALFRED DREYFUS ڕوویدا، کە بە فرۆشتنی زانیاری نهێنی بە ئەڵمانەکان تاوانبار کرابوو، پاشان بێگوناە دەرچوو. ڕۆژنامەی لیڤێلۆ داکۆکی لە دریفوس دەکردو پێیوابوو بێگوناهە کەچی هەندێک بڵاوکراوەی گەورەی دی لەوانە ئەلبێرت دی دیۆن، خاوەنی دی دیۆن بۆتۆنی کۆمپانیای ئۆتۆمبێل پێیوابوو دریفوس تاوانبارە. کێشە و هەڵچوون و توڕەبوون کەوتە نێوان بڵاوکراوەکان و پیر گیفاردی سەرنووسەری ڕۆژنامەکە، دەستیکرد بە دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی ڕکابەر بە ناوی لیئۆتۆ، کە ئەو ڕۆژنامەیە دەستیکرد بە پڕوپاگەندەکردن بۆ گەشتێکی پایسکلی بەناو فەرەنسادا. ئەمەش بۆ ئەوە بوو کە ململانێ لەگەڵ گەشتی پایسکلسواری برێست ـ پاریس بکات، کە لەلایەن گیفاردەوە ڕێکخرابوو.

بیرۆکەی گەشتێکی پایسکلی بەناو فەرەنسادا لەلایەن ڕۆژنامەنووسی لی ئۆتۆ و سەرۆکی پایسکلسواری، گیۆ لیفێڤری تەمەن 26 ساڵەوە خرایەڕوو. ڕۆژنامەی لی ئۆتۆ لە 19ی کانونی دووەمی 1903 گەشتەکەی ڕاگەیاند. لە پێشدا بەرنامەی پێشبڕکێیەکە بۆ ماوەی 5 هەفتە بوو لە 31ی ئایار تا 5ی تەمموز. ئەو ماوەیە بۆ زۆربەیان جێگەی ترس و گومان بوو. لە پێشدا تەنیا 15 پایسکلسوار بڕیاری بەشداریکردنیاندا، پاشان ماوەکەی کورت کرایەوە بۆ تەنیا 19 ڕۆژ و مێژووی دەستپێکردنی پێشبڕکێیەکەشی گۆڕی بۆ 1ی تەمموز تا 19ی تەمموز، لەگەڵ پێدانی مووچەیەکی ڕۆژانە.

ئەمجارە 60 پایسکلسوار هاتنەپێش بۆ بەشداریکردن، کە ئەوانە تەنیا کەسانی پیشەگەر نەبوون، بەڵکو کەسانی ئارەزوومەندیشی تێدابوو، هەندێکیان بێکار وون و هەندێکێش تەنیا حەزیان لە سەرەڕۆی بوو. داخوازی زۆری پێشبڕکێکە (کە تێکڕایی گەشتەکەی بە 400 کیلۆمەتر مەزەندە دەکراو بۆی هەبوو لە شەویشدا بەردەوام بێت)، سەرنجی خەڵکەکەی ڕاکێشا. فرۆشی ڕۆژنامەی لی ئۆتۆ لە 25 هەزار دانە بۆ 65 هەزار دانە بەرزبووەوە، لە گەشتی ساڵی 1908 گەیشتە چارەکە ملیۆنێک، لە گەشتی ساڵی 1925 بوو بە 500 هەزار دانە، لە گەشتی ساڵی 1933 گەیشتە 854 هەزار دانە.

لە گەشتی ساڵی 1939 بەهۆی کێشە سیاسییەکانی بەر لە شەڕی جیهانی دووەمەوە تیمەکانی ئیتاڵیا، ئەڵمانیا و ئیسپانیا بەشداریان نەکرد، پاشان ئەو گەشتە تا ساڵی 1947 ئەنجامنەدرا، هەرچەندە لەو ماوەیەدا پێشبڕکێی دیکە ئەنجام دران.

ئەمڕۆ ئەم گەشتە لەلایەن (کۆمەڵەی گەشتێک بەناو فەرەنسادا) ڕێکدەخرێ کە ئەویش لەلایەن ڕێکخراوی ئەماوری وەرزش کۆمەکی دارایی دەکرێ، کە بەشێکە لە گروپی میدیا و خاوەنەکەی ڕۆژنامەی لیئیکوییپە.

### مێژووی دەستپێکردنی

یەکەم پێشبڕکێ بەشێوەیەکی فەرمی لە ساڵی 1903 دەستیپێکرد، 2421 کیلۆمەتریان بە 6 قۆناخ بڕی، بە بەشداری چەند تیمێکی فەرەنسی، ئیتاڵی و بەلجیکی. زۆربەی قۆناخەکان درێژی ماوەکەیان دەگەیشتە 420 کیلۆمەترلە ڕۆژێکدا، ئەم ڕووداوە سەرنجی هەموو پایسکلسوارانی جیهانی ڕاکێشا. تاوەکو ئەمڕۆش ئەم پێشبڕکێیە ساڵانە بە ڕێکوپێکی لە مانگی تەمموز بەڕێوەدەچێت.

لەم پێشبڕکێیەدا هەر یاریزانێک کەمترین کات و زۆرترین خاڵ بۆ خۆی تۆماردەکات و دەتوانێت بەکۆی گشتی یەکەمی ئەم پاڵەوانییەتە بێت، هەرچەندە یەکەمیش نەبووبێت لە قۆناخەکانی پێشبڕکێیەکە. وەک یاریزانی ئەمەریکی گریک لیمۆن لە ساڵی 1990 کەمترین کاتی هەبوو لە کۆی هەموو قۆناخەکان کەچی لە هیچ قۆناخێکیش یەکەم نەبوو.






102.7 FM

لەگەڵ (سەفین و ئیحسان و ڕێبوار)

هەموو سێشەممەیەک کاژێر 16 (یاریگای ڕووداو لە ڕادیۆی ڕووداو)




ڕێبوار محەممەد

# هەڵەکانی دۆنگا و داهاتووی سامبا

له كۆپا ئەمێریكادا برازیل لەوە باشتری نەكرد كه له مۆندیالی پێشوودا لەسەر خاكی خۆی ئەنجامیدا، ئەگەر ئۆڵمپیادی ڕیۆ دی جانیرۆ نەبوایە، ئەم شكستەش هەر لەسەر یاریگەی ماراكانا دەبوو، چونكە دەبوو برازیل میوانداری پاڵەوانییەتییەكە بكات، بەڵام بەهۆی ئۆڵمپیادەوە برایە چیلی.

برازیلی دوای مۆندیال تا ساتی دەستپێكردنی كۆپا ئەمێریكا، زۆر جیاوازبوو لەو برازیلەی كه له پاڵەوانییەتییە كیشوەرییەكەدا بینرا، بەر له كۆپا تیپێكی ڕێكخراو، هێرشبەر، فشار دروستكەر، خاوەنی داهێنان و ڕستەی هێرشبەرانە بینرا، لە كۆپادا تیپێكی هەڕەمەكی، بێ ناسنامە، شێواو، بێ پلان و دوور له چێژی برازیلییانە بینرا، جیاوازییەكە زۆرە، بەڵام دۆنگا كه هیچی بەدەستەوە نەماوە پاش ئەو شكستە، ناچارە بڵێ ئەو پاڵەوانییەتییە هیچ نییە، كورد گوتەنی دۆڕاو دەبێ بڵێ....

لەبەرئەوەی فیدراسیۆنی تۆپی پێی برازیل متمانەی به دۆنگا بەخشییەوەو وەك سكرتێری فیدراسیۆنەكە دەڵێ گۆڕینی دەستەی ڕاهێنەران، لە كاتێكدا ماوەیەكی كەم ماوە بۆ دەستپێكردنی پاڵاوتنەكانی مۆندیالی 2018، فشاری زۆری لەسەر یاریزانەكان دروستدەكرد، ئێستا ئیدی ئەركەكەی دۆنگا دوو هێندە قورس بووەوە.

هەرچەندە هاندەرە برازیلییەكان وەك خوی هەمیشەییان لە باڵەفڕگەی برازیلیا بەخۆشەویستییەوە پێشوازییان لە یاریزانەكان كرد، بەڵام ئەوە خەمە گەورەكەی ئەوان بۆ درێژەكێشانی زنجیرەی تێكشكانی هەڵبژاردەكەیان له پاڵەوانییەتییەكاندا ناشارێتەوە.

دۆنگا لە كۆپادا هەڵەی گەورەی كرد و باجی گەورەشی دا، ئەو قسەیەی كه دەڵێ ڤایرۆس له یاریزانەكانمی داوە بەر له یارییەكە هیچ لەو ڕاستییە ناشارنەوە كه سامبا شایستەی هیچ نەبوو لەو پاڵەوانییەتییەدا.

هەڵەكانی دۆنگا زۆر بوون، متمانەدان بە یاریزانێكی تەمەن 22 ساڵ، گەرچی ئەستێرەش بێت باجەكەی قورسە، وەك ئەوەی ڕوویدا، چونكە ئەوەی خۆی هەڵگری جیناتی سەركردە نەبێت، یان باش پێنەگەیشتبێت، بێگومان ژێردەستەكانی بەرەو كارەسات دەبات وەك ئەوەی نەیمار كرد. هەڵەیەكی زەقی دیكە سەرلێشێواندنی تیاگۆ سێلڤا بوو، ئەو یاریزانەی لە بێمتمانەیی بەخۆیدا ڕێگەی پێشانی پاراگواییەكاندا بۆ یەكسانكردنەوەی ئەنجامی یارییەكە لەو قۆناخە چارەنووسسازەی پاڵەوانییەتییەكەدا.

هەڵەكانی دۆنگا زۆرن، ئەو تیپێكی دروستكردووە هیچ بۆنی ئەو برازیلەی لێنایەت كه سەردەمانێك ڕووبەڕووبوونەوەی بووبووە مۆتەكەی هەڵبژاردەكانی دیكە، ئاخر لە كۆی پاڵەوانییەتییەكەدا تەنیا یەك گۆڵی سامبا سەرنجی ڕاكێشام، ئەویش گۆڵەكەی ڕۆبینیۆ بوو بەرامبەر پاراگوای كه بەرهەمی لێكتێگەیشتن و پاساتی ورد و خوێندنەوەی دروست و ڕستەی ڕێكخراوی هێرشبەرانە بوو، دەنا ئەویدی تیپێكی ڕەمەكی زیاتر چیدیكە لە برازیل بینرا؟

برازیل لە ئەستێرە و یاریزانی سوپەری كەم نییە، چاوخشاندن بە لیستی یانە گەورەكانی ئەوروپادا ئەوەت پێشاندەدات كه هێشتا برازیل وێڕای وشكەساڵی له دروستكردن و دۆزینەوەی بەهرەمەندا، بەرهەمی زۆری هەیە، بەڵام كاتێك ڕاهێنەر دەستنیشانكردنەكانی دروست نەبن، ئەنجام لە حەوت بە یەكەكەی ئەڵمانیا باشتر نابێت.

هەڵبژاردەی برازیل به شێوەی گشتی له ڕووی تەكتیك و پلانەوە كێشەی زۆری هەبوو، بەرگرییەكەی لاواز و كەمتەرخەم دەركەوت، باڵەكانی بێ باڵ و بێكاریگەریی بوون، ناوەڕاستەكەی كێشەی زۆری هەبوو، بەتایبەت لە پلەی مەیكەر و یاریزانی ژمارە 10 كه لە پشتی هێرشبەرەكانەوە دەردەكەوێت، ئەمە جیا لە نەبوونی هێرشبەرێكی قەنناس كه بتوانێ نیو هەل بكاتە گۆڵ، وەك ئەوەی ڕۆناڵدۆی دیاردە دەیكرد.

لە هەموو ئەوانە گرنگتر، ونبوونی ناسنامەی برازیلییانە بە یاریزانەكانەوە (كه ئەویش ئەركی دۆنگایە) وایكرد یاریزانەكان خۆیان بە یاریزانی مشتەكۆڵە و كۆنگفۆ بزانن و ئەوەندەی چاویان لەسەر ناوبژیوان و یاریدەدەرەكانی بێت، نیو هێندە بیر لە یاری نەكەنەوە، ئاخر بنەما سەرەكییەكە ئەوەیە.. ئەوەی ناسنامەی خۆی نەزانێت، بیانوو بە هەموو شتێك دەگرێت..

"قورئان دەخوێنێتەوەو زۆر پرسیار لەبارەی ئیسلامەوە دەکات"

# دیمبابا: هازارد بەم نزیکانە موسڵمانبوونی خۆی ڕادەگەینێت



**ڕووداوی وەرزشی - جەزیرە**

دیمبابا، یاریزانی سەنیگالی، بە ڕۆژنامەی جەزیرەی سعوودیە ڕایگەیاند كه ئیدین هازاردی ئەستێرەی بەلجیكی یانەی چێڵسی ئینگلیزی بەم نزیكانە موسڵمانبوونی خۆی ڕادەگەینێت.

دیمبابای هاوڕێی هازارد بۆ ئەو ڕۆژنامەیە ئاشكرایكردووە كه ئەوكاتەی پێكەوە لەگەڵ هازارد یارییان بۆ چێڵسی كردووە، دوو هاوڕێی زۆر نزیكی یەكدی بوونەو تاوەكو ئێستاش ئەو هاوڕێیەتییە بەردەوامەو وەكخۆی دەڵێت «زۆر باسی ئایینی ئیسلامم بۆ هازارد كردووە، زۆر پرسیاری له بارەی هەموو گەورەو بچووكێكی ئیسلامی لێدەكردم». هەروەها دەشڵێت «چەندین دانە قورئانم بە دیاری داوەتە هازارد، ئەو زۆر حەزی له خوێندنەوەی قورئان بوو، زۆرجار مانای وشەكانی لێدەپرسیم».

دیمبابا، كه ئێستا بۆ یانەی شەنگەهای چینی یاری دەكات، باس لەوە دەكات كه تاوەكو ئێستاش پەیوەندی نێوان خۆی هازارد ماوەو زۆرجار بە تەلەفۆن قسە لەگەڵ یەكدی دەكەن و دەڵێت «لەبەرئەوەی هازارد له شاری لالۆفیاری بەلجیكی گەورەبووە، كه ژمارەیەكی زۆر موسڵمانی لێ نیشتەجێیە، بەر لەوەی منیش بناسێت زۆر شتی لەبارەی ئیسلامەوە دەزانی، بۆیە ئەو زۆر بە پەرۆشە بۆ گۆڕینی ئایینەكەی و پێشبینی دەكەم بەم نزیكانە موسڵمانبوونی خۆی رابگەینێت».






(ڕووداوی وەرزشی)

بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە

ناو : ..............................

مۆبایل : .............. ..............

1 چل و دووەمین پێشبڕکێ

شەش كۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (ڕووداوی وەرزشی) ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی ڕووداوی وەرزشی بەشداربە.

خەڵاتەكان خەڵاتەكان

1 ـ ئامێری ڕۆیشتنی كارەبایی .
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD .
3 ـ كۆمپیوتەری لاپتۆپ .
4 ـ كۆمپیوتەری لاپتۆپ .
5 ـ مۆبایل.







پێشبڕکێ

به كورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

نامەیەک بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:
0750 760 5215
لەگەڵ ناوی خۆت

ئامانج تەیب
لە
چەمچەماڵ
بە لێدوانی:
( دواتر تەلەفۆن نەکەی، داوای لێبوردن بکەی )
بووە براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو.






ڕووداو وەرزشی

ڕۆژنامەیەكی هەفتانەیە كۆمپانیای ڕووداو بە سپۆنسەری كۆمپانیای كورەک تیلیكۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەمە دەریدەكات

لە سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆماركراوە

سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
0750 454 71 68 - e-mail:ihsanrudaw@gmail.com
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قڕگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ـ شاهۆ محەممەد





ڕووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە

www.rudaw.net

هەموو دووشەممەیەک ڕووداو بخوێنەوە